# 8/21 دەبێتە رۆژیکی مێژووی بۆ گەلی کوردستان

راپۆرتی : رێژین ابراهیم
rezhen@maktoob.com



تاوانی جەرگ بری ئەنفال گەورەترین کارەساتی ترسناك بووکە بەرامبەر بە گەلی کورد ئە نجام درا،لەلایەن رژێمی دیکتاتۆریەتی رەگەز پەرستەوە بۆ لەناو بردن و سرینەوەی مۆرکی نەتەوایەتی ئەم میللەتە ، میللەتی کوردیش بەدرێژای میبژوو هەمیشە  ژیانی پر بووە لە کارەسات و جینۆساید ئەم کارەساتانەش گەورەترین زیانی مادی و مەعنەوی لێدەکەوێتەوە چ لە رووی ئابووری و لە روی سیاسی و لە رووی رۆشنبیریەوە ..هتد ،پرۆسەی ئەنفال هەوڵدانێکی ستراتیجی رژێمی بەعس بووبۆ شێواندنی سەرجەم رەهەندە کانی ژیانی مرۆڤایەتی گەلی کوردستان ، ئەنفال سەرەرای لەناو بردنی و بێسەرو شوێن کردنی هەزارەن ژن و منداڵ و پیرو گەنج بە کچ و کورەوە، ،بریاە 8/21 ی ئەم مانگە یەکەم دانیشتنی دادگای سەدام حسێن و دارو دەستەکەی دەسپێبکات، هەڵبەت ئەو رۆژە دەبێتە بۆنەیەکی نەتەوەی و دەبێتە رۆژیکی مێژووی لە گەلی عێراقدا ،لەبەر ئەوەی لەیەکەمین رۆژی هاتنە سەر حوکمی  دەستەلأتدارانی بەعسەوە ئێمە خەون بەدەرفەتێکی واوە دەبینین بەتایبەتی لەدوای کارەساتی ئەنفال و کیمیا بارانی هەڵبجەوە،ئێستاش فرسەتێکە لەبەردەم خەڵکی کوردستان وبەتایبەتی کەسوکار ئەنفالکراوەکان بۆ ئەوەی لەرۆژی دادگای کردنی سەدامحسێن ودارودەستەکەیدا ئامادەی ئەو دانیشتنەبن و بتواننوەکو شایەت حاڵێك دیفاع لە مێژوو چارەنوسی خۆیان بکەن ، بۆ یەکەم شت ئامادەبوونی کەناڵەکانی راگەیاندن و سەرجەم تەلەفیزۆنەکانی کورد ئامادەی ئەو دادگایەبن کە ئەمە شتێکی زۆر گرنگە ئەمە لەلایەك لە لایەکی تریشەوە ئەگەر بێینە سەر چیرۆکو بەسەرهاتی ئەو

کەسانەی کە پاشماوەی دەستی چەکی کیمیاوین و پاشماوەی ئەنفالو کەسو کاری ئەنفالن پشتگوێ نەخرێت،رەنگە زۆر جار بەسەرهاتی ئەو پیر و پەکەوتانە مان بیستبێت ولەراگەیاندنەکانەوە بینراوەو بیسراوە بەڵام رەنگە تائێستا بەشێوەیەکی فیعلی کاری بۆ نەکراوەو بەسەر نەکراونەتەوە نەحکومەت و نەدەستەڵات داران ئاورێکی جدییان لێ نەداتەوەکەلەچ دەردەسەریەکدا دەژیم ، هەندێك لە کەسو کاری ئەنفال کراوەکان و ئەو کەسانەی کە پاشماوەی ئەنفالن پێیان وایە دەبێت سەدام دەبێت لە هەرێمی کوردستاندا دادگای بکرێت و زۆربەی ئەو کەسانەش دەڵێن با لەناو کەسوکاری ئەنفال کراوەکاندا دادگای بکرێت ، بێ گومان هەریەکە لەم قسەنە جۆرێکە لە دڵگەرمی و ئەو بەسەرهاتەی کە لەکاتی ئەنفالدا بەسەریان هاتووە ،ژنێك کە خاوەنی پێنج منداڵ بوو کە چواریان بەبەرچاوی خۆیەوە سەگەکانی نوگرەسەلمان خواردبووی بەدەم گریانەوە نەیتوانی درێژە بدات بە گێرانەوەی بەسەرهاتەکەی و ئەوژنە کە ناوی دادە خاوەر کە تەمەنی 55



ساڵە بوو مێردەکەی و چوار منداڵی بەبەرچاوی ئەو ژنەوە درندەکانی رژێمی بەعس دابوونی بەسەگەکان ، خاوەر خانئەو هەڵوێستەی هەیە لەسەر دادگای کردنی سەدام حسێن دەلێت چۆن ئەو چوار مندالەو باوکیان لە بەرچاو خۆمدا دایان بەسەگەکان ئێستا من ئەوکاتە دڵم ئاو دەخواتەوە کە لەم ناوچەیەدا دادگای بکرێت و دواتر سەگی تێبەر درێت لەبەرامبەر ئەوەی کە منداڵەکانمی ئاوا لێکرد ... خاوەر بەدەم گریانەوە دەڵێت هەمو جارێك بیرمان دەخەنەوە بەبێ ئەوەی تائێستا دەستەڵات دارێك یاخود مەسوولێك بێت بزانێ پێویستمان بەچیە و چیمان دەوێت ، مانگی هەزار دینارمان هەیە نازانم ئەو هەزار دینارە بەشی چی دەکات ،من ئێستا خۆمو کچەکەم بەتەنها لەماڵ دەژین ، خاوەر دەیووت ئێستا کە ئەم بەسەر هاتەت بۆ دەگێرمەوە دڵم خێرا لێدەدات ، زۆرێك لەو کەسانەی کە کەسو کار ئەنفالکراوەکانن زۆر گلەییان هەیە لە دەستەڵات ، دەڵێن ئەو مستەشارانەی کە ئەوکات کورو کچ و مێردی ئێمەیان بردوو ئەنفالیان کرد کە چی ئێستاش لەو قەسرو قسورانەدا دەژین و حکومەتیش رێزیان لێ دەگرێت ،" حکومەت نایەت رێز لە کەسوکاری ئەنفال کراوەکان بگرێ دەچیچت رێز لەو مستەشارانە دەگرێت " ئەمە ووتەی ئەو ژنەیە کە تەمەنی 82 ساڵ بوو ئەو ژنەبەتەمەنە ئەوەندەی بێزار بوو لە دەستەڵات ، لەناو چوار دیواردا خۆی و پیرە مێردەکەی مێردی ئەویش جارجارە بەدەم گریانەوە قسەیەکی دەکردوو دەی ووتی من کورێکم بۆ ماوە لەو کورە زیاتر هیچ کەسێکی ترشك نابەم ،کە خزمەتم بکات و یارمەتیم بدات ، لەو سەردانەیکە چومە ماڵیان سەرتا پا وەکو کەلاوەیەکی رووت وابوو نەهیچ شتێیەکیان هەبوو بتوانن بیخۆن یان لە زستاندا بتوانن خۆیانی پێدا پۆشن و سەرمایان نەبێت ئەوکات کە من چومە ماڵەکە نزیکی نیوەرۆ بوو هەردوو ژن ومێردەکە دانیشتبوون جلو بەرگە دراوەکانی خۆیان

تەرکردبوو بۆئەوەی گەرمایان نەبێت ، ئەو داپیرەیە کە من چوومەلای ووتی باوەرت هەبێت چەند ساڵە من میوەیەك بەر زمانم نەکەوتوە و هیچ جۆرە خواردنێکی باشم نەخواردووە لەو قسەنەوە دەرگای چەندین پرسیارمان بۆ دوکرێتەوە بۆ ئەوەی بپرسین بۆ حکومەتی هەرێم یارمەتیەکی ئەم خەلکە هەژارە نادات ، ئامیەنە خان کە تەمەنی 68 ساڵەو خاوەنی چوار منداڵ بوو بەلاّم ئێستا دوو منداڵی بۆ بە جی ٚ ماوەو مێردەکەشی ئەنفال کراوە ئەو ژنە لەبەسەر هاتەکەیدا باسی ئەوەی کرد کە حەق وایە سەدام دادگای نەکرێت بەڵکو ئەو مستەشارانە دادگای بکرێن کە مێردەکەمو ئەو دوو منداڵەی بردوو ئەنفالی کرد ، لە بەسەرکردنەوەم ب زۆربەی ئەو کەسانەی کە پاشماوەی ئەنفال بوون هەمویان زیاتر سوربوون لەسەر ئەو موستەشارانەی بەعس کە هەموویان ئێستا لە کوردستان دەژین ، ئامینەخان لەسەرەتادا نەیوێرا ناوی ئەو مستە شارەکوردە ئاشکرا بکات بەلاّم دوای هەرچۆنێك بوو پێمان درکاندوو بۆم دەرکەو کەئەو مشتەشارە هەر ناوی ئەو مستەشارەبوو کە لە زۆربەی چاو پێکەوتنەکاندا من ئەم کرد لەگەڵ پاشماوەی ئەنفالدا هەموویان ئەو ناوەیان دووپات دەکردەوەو هەموویان ئەوەندەی ئەویان مەبەست بوو سەدام و دارو دەستەکەیان زۆر مەبەست نەبوو، رەحمە خان کە یەکێکە لە پاشماوەکانی ئەنفال و تەمەنی 57 ساڵە، رەحمە خان ئامادە نەبوو قسە بەهیچ شێوەیەك بکات چونکە ئەو جگەلەوەی جاڵەتی تەندروستی تەواو نەبوو لەگەڵ ئەوەشدا گلەی و گازندەی زۆری لە راگەیاندن و رۆژنامەنوسان ودەستەلاّت وحکومەت هەبوو ، هەروەکو رەحمە خان دەی وت من لەناو بنەماڵەکەی خۆماندا کە زیاتر لە 70 کەس دەبین شەش کەسمان ماوە لەبنەماڵەی باوکم تەنها من ماوم کە ئەنفال نەکراوم ، ئەو بێزار بوونی لە راگەیاندن و رۆژنامەنوسان بۆ ئەوە دەگێرێتەوە کە هەرگیز نەیانتوانیوە ئامانجی خۆیان بپێکن ، رەحمەخان دەڵێن " نازانم ئەوەندی من چاوپیکەوتن و مقابەلم لەگەڵ کراوە برواناکەم کەس لەگەڵی کرلبێت بەراستی تاقەتم چصوو تائێستا حکومەتەنەهاتوە بڵێ ئەرێ تۆ ماویت یان مردووی یان چیت پێویستە با بۆت بکەین " ئەمەو ئەو قسانەی رەحمە خان زۆر کاریگەر بوو لەسەرمان چونکە ئەو همیشە بەشێوەیەکی دی تەماشای کردین ، بەلاّم زۆر جار هەڵەکە لە ئێمەوە نیە بەڵکو ئەو هەڵەیە لە حکومەتو دەستەلاّت و مەسولەکانمانەوەیە کە گوێ ناگرن و چاودێری تەلەفیزۆنیەکان ناکەن ، کاك ئەوللە کە یەکێکە لەو کەسانەی هەر وەکو خۆی ووتی " من تەمەنم پەنجاو چلە واتە تەمەنی" کاك ئەوللە 94 ساڵ تەمنیەتی و کابرایەکی زۆر فەقیر حاڵ بوو کاکئەوللە هەندێك قسەی کردوووتی " کوری خۆم باوەرت هەبیچت ئەوەندەی من ماڵو منداڵم هەبوەو بەردەوام میوانمان بی کاتی پێش ئەوەی ئەنفالبکرێین لە گوندەیەکی خۆمان سی کەنیشکمان هەبوو لەگەڵ چوار خزمەکاری تۆ ، باوەرت هەبێت رۆژانە نانی پانزە بۆ بیست کەسمان دەدا ، هەرکەسیك هەر مەسولێك گەرەکیبوایە نان بخوا دەرگامان ئاوەلاّ بوو بەلاّم ئێستاش ئەم حاڵەی من دەبینی " بەدەم گریانەوە قسەکەی تەواو کردو ووتی "خوا موستەشارە کوردەکانمان بگرێت خۆ ئەوان نەبوونایە جوندی عەرەب لە کوێ دەیزانی کە ئێمە هەین بەلاّم هەمووی موستەشارەکانی خۆمان بوون ئەنفالیان کردین .